TENNder CARE
Check In · Check Up · Check Back
TENNESSEE'S EPSDT PROGRAM

# ئایا منداڵەکانت تێنکێریان هەیە؟

- UHCCPM
- BlueCare East
- UHCCPE
- BlueCare West
- AMERIGROUP
- UHCCPW
- TennCare Select

## ئەو مندالانەی کە تێنکێریان هەیە ئەتوانن پشکنینی تێندەرکێر بە خۆڕایی بکەن تاکو تەمەنی 21 ساڵ

هەموو منداڵێک پێویستی بە پشکنینی تەندروستی ڕێک هەیە هەرچەندە کە تەندروستیان باش بێت.

ئەم پشکنینانە یارمەتی دکتۆر و دکتۆری ددان ئەدات بۆ ئەوەی زوو کێشەکان بدۆزنەوە و چارەسەری بکەن.

## کەی دەبێ منداڵەکەت پشکنینی تێندەرکێری خۆڕایی بکات؟

- کاتی لە دایک بوون
- 3-5 ڕۆژ
- 1 مانگ
- 2 مانگ
- 4 مانگ
- 6 مانگ
- 9 مانگ
- 12 مانگ
- 15 مانگ
- 18 مانگ
- 24 مانگ
- 30 مانگ
- هەموو ساڵێک تاکو 21 ساڵ





## چی روو ئەدات لە کاتی پشکنینەکە؟

- مێژووی تەندرووستی وەرئەگیرێت
- پشکنینی تەواوی لەش*
- پشکنینی تاقیگایی (کاتێ گونجاو بێت)
- کوتان
- پشکنینی گوێ لێبوون و بینین
- پشکنینی گەشە و حاڵەتی دەروونی (کاتێ گونجاو بێت)
- ئامۆژگاری کردن بۆ پاراستنی تەندروستی منداڵەکەت

## دکتۆرەکە وەڵامی پرسیارەکانتان ئەداتەوە

**پەیوەندی بکە بە دکتۆرەکەت بۆ وەرگرتنی ژوانێک**

* نێرسەکە داوا لە منداڵەکەت ئەکات کە جلی تایبەتی لەبەر بکات



## چی روو ئەدات ئەگەر دکتۆر کێشەیەک بدۆزێتەوە؟

تێندەرکێر پارەی ئەم پشکنین و چارەسەریانە ئەدات کە پێویستە بۆ ئەوەی تەندروستی منداڵەکەت بە باشی بمێنێتەوە. ئەمە لەوانەیە ئەمانەی ژێرەوە بگرێتەوە:

- دەرمان
- چاویلکە
- چارەسەری قسەفێربوون
- خزمەتی ددان
- سەماعەی گوێ
- نەشتەرگەری و خزمەتی تری نەخۆشخانە
- چارەسەری کێشەکانی رەفتاری و دەروونی

## ئایا تۆ دوودڵی دەربارەی منداڵەکەت؟

- ئایا منداڵەکەت کێشەی هەیە لەماڵەوە یان لە قوتابخانە؟
- ئایا منداڵەکەت وا دیارە کە غەمبارە، تووڕەیە، ترساوە، یان تەنهایە؟
- قسە لەگەڵ دکتۆرەکەت بکە.
- تێندرکێر ئەتوانێ یارمەتیتان بدا بە پێشکەش کردنی راوێژکاری و پشتگیری بۆ منداڵەکەت.



## لە بیرت نەچێ کە ژوانێک وەربگری بۆ پشکنینی ددانی خۆڕایی!

منداڵ پێویستی بە بینینی دکتۆری ددان هەیە هەموو 6 مانگ بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە ددانەکانیان باشن. منداڵی ساوا پێویستە یەکەم پشکنینی ددان بکەن کە تەمەنیان دەبێت بە ساڵێک.

**بۆ دۆزینەوەی دکتۆری ددان پەیوەندی بکەن بە تێندێنت (TennDent) 1-877-418-6886**

## پێویستیت بە یارمەتی هەیە بە کوردی؟

**پرۆگرامی بەرگری کردن لەوانەی تێنکێریان هەیە (TennCare Advocacy Services) ئەتوانێ یارمەتیت بدا بە:**

- وەرگرتنی ژوانێک لەگەڵ دکتۆری منداڵەکەت.
- دۆزینەوەی دکتۆری ددان بۆ منداڵەکەت.
- رێکخستنی هاتووچۆ بۆ ژوانی دکتۆرەکان. تێنکێر پارەی هاتووچۆ ئەدات بۆ لای دکتۆری تێنکێر. پەیوەندی بکە بە زووترین کات بۆ ئەم هاتووچۆیە خۆراییە.
- ئایا کچەکەت پێویستی بە دکتۆرێکی ئافرەت هەیە؟ پێویستیت بە یارمەتی هەیە بۆ دۆزینەوەی دکتۆری پسپۆڕ؟ ئەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ گۆڕینی دکتۆری سەرەکی یان دکتۆری پسپۆڕ.

**پەیوەندی بەم پرۆگرامە (TennCare Advocacy Services) بکە بە ژمارە 1-800-758-1638 ئەم تەلەفۆنە خۆڕاییە.**

**ئێمە رێ بە مامەلەی نا دادپەروەرانە نادەین لە تێنکێر.**
**هیچ کەسێک بە شێوەیەکی جیاواز مامەلەی لەگەڵ ناکرێت لەبەر رەگەز، رەنگ، شوێنی لە دایک بوون، زمان، جنس، ئاین، یان پەککەوتن.**

This is a message from the TENNderCare Program.
For help in English, OR for more copies of this FLYER in other languages,
please visit the TENNderCare website at http://www.tn.gov/tenncare/tenndercare/index.html

TENNder CARE
Check In · Check Up · Check Back
TENNESSEE'S EPSDT PROGRAM